# پارشێو كردن

< كوردي >

حاجی ئومێد چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# السحور

< كردي >

أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# پارشێو كردن

سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنكەوتوانی هەتا هەتایە .

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە فەرموودەیەكی صەحیحدا فەرموویەتی : { تسحروا فإن في السحور بركة } [ متفق عليه ] واتا : پارشێو بكەن، چونكە لە پارشێو كردندا بەرەكەت هەیە .

لەم فەرموودە پیرۆزەدا پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرمانی كردووە بە پارشێو كردن، كە بریتیە لە خواردن و خواردنەوە لە ماوەیەك پێش بانگی بەیانی ئەویش لە پێناو خۆ ئامادەكردن بۆ رۆژوو گرتن، یەكێك لە حیكمەتەكانی پارشێوكردنیش ئەی براو خوشكانی بەرێزم ئەو بەرەكەتە گەورە وپر بایەخەیە كە پێشەوای ئازیزمان لە فەرموودەكەدا باسی كردووە، بۆیە لەم مەقالەدا هەندێك لەو بەرەكەت و خێرات ونهێنیانەی كە لە پارشێو كردندا بەدەست دێت دەخەینە روو :

یەكەم : هاتن بەدەم ئەو فەرمانەیە كە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە فەرموودەكەدا فەرمانی پێكردووە، ئەو فەزڵ وشەرەفەیش بەسە كە مرۆڤی باوەڕدار بەدەم بانگەواز و جێ بەجێكردنی پێشەواكەیەوە بڕوات، خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدۡ أَطَاعَ ٱللَّهَۖ ﴾ [ النساء : 80 ], واتا : ئەوەی فەرمانبەرداری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) بكات، ئەوە بەڕاستی فەرمانبەرداری خوای كردووە،،، هەروەها فەرموویەتی : ﴿وَمَآ ءَاتَىٰكُمُ ٱلرَّسُولُ فَخُذُوهُ ﴾ [ الحشر : 7 ],واتا : ئەوەی پێغەمبەر بۆی هێناون وەری بگرن، وە لە جێگایەكی تردا فەرموویەتی : ﴿وَمَن يُطِعِ ٱللَّهَ وَرَسُولَهُۥ فَقَدۡ فَازَ فَوۡزًا عَظِيمًا ﴾ [ الاحزاب : 71 ], واتا : هەر كەس گوێڕایەڵی خواو پێغەمبەرەكەی بكات ئەوە بەڕاستی سەركەوتنێكی گەورەی بەدەست هێناوە ..

دووەم : پارشێوكردن مەشخەڵی موسڵمان و باوەڕدانە، پارشێوكردن ڕەمزی ئەو داب و نەریتەیە لای موسڵمانان كە دەبێتە خاڵی جیاوازی نێوان ڕۆژووی ئەوان وڕۆژووی ئەهلی كیتاب لە جولەكە وگاورەكان، ئەوەتانێ پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لەم بارەیەوە لە فەرموودەیەكدا

فەرموویەتی : {فصل ما بين صيامنا وصيام أهل الكتاب أكلة السحر} [ رواه مسلم ], واتا : خاڵی جیاوازی و لەیەك جودای ڕۆژووی ئێمەی ئەهلی ئیسلام لەگەڵ ڕۆژووی گاور و جولەکەکان پارشێو کردنە ..

سێهەم : بەدەستهێنانی خێر و پارێزگاری کردن لەسەری، سەهلی کوری سەعدی ساعیدی ( خوای لێ ڕازی بێت ) دەگێڕێتەوە کە پیغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : {لا يزال الناس بخير ما عجلوا الفطر وأخروا السحور } [ رواه البخاري ومسلم ], واتا : بەردەوام خەڵکی لە خێردان مادام بەربانگەکانیان خێرا بکەنەوە، وپارشێوەکانیشیان دوا بخەن .

چوارەم : پارشێو کردن مرۆڤی باوەڕدار بەهێزتر دەکات لەسەر طاعەت و عبادەت کردن، ویارمەتیدەری دەبێت بۆ ئەوەی چوست وچالاکتر بێت لەسەر ئەنجامدانی کاری خێر وخواناسی زیاتر، چونکە ئەو کەسەی برسی و تینوی بێت تەمەڵیش دەبێت لە عیبادەت کردن .

پێنجەم : بەدەستهێنانی ئەو صەڵات وسەلامەی خوا و فریشتەکان دەیدەن لەسەر پارشێوکاران، عەبدوڵای کوڕی عومەر ( خوای لێ ڕازی بیت ) دەگێڕێتەوە کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : {إن الله وملائكته يصلون على المتسحرين} [ رواه ابن حبان والطبراني في الأوسط وحسن الالباني ], واتا : خوای گەورە و فریشتەکان صەلاوات دەدەن لەسەر کەسانی پارشێوکار،،، دیارە صەڵاواتی خوای گەورەش لەسەر بەندەکانی مانای لێخۆشبونیانە، و فریشتەکانیش بە صەڵاواتدان داوای لێخۆش بوون بۆ پارشێوکاران دەکەن لای پەروەردگار ..

شەشەم : پارشێو کردن ڕیگری دەکات لە ڕەوشت و خووە خراپەکان، کە برسیەتی هۆکاری سەرەکی ووروژاندنیانە ..

حەوتەم : کاتی پارشێوکردن کاتێکی پیرۆزە، چونکە کاتی دابەزینی پەروەردگارە بۆ ئاسمانی دونیا ( دابەزینێن لایەق و شایستەی ذاتی هەق تەعالای خۆی بێت، وئێمە چونیەتیەکەی نازانین ) ئەم کاتەش کاتی نزا گیرا بوون و دەروو کردنەوەیە لەبەندەکان، پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : {ينزل ربنا كل ليلة إلى سماء الدنيا حين يبقى ثلث الليل ، فيقول : من يدعوني فأستجيب له ؟ من يسألني فأعطيه ؟ من يستغفرني فأغفر له }[ متفق عليه ], واتا : هەموو شەوێك لە سێ یەکی کۆتایی شەودا پەروەردگارمان دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا، دەفەرموێت : کێ بانگم دەکات با وەڵامی بدەمەوە، کێ داوام لێدەکات با پێی ببەخشم، وە کێ داوای لیخۆشبوونم لیدەکات با لێی خۆشبم .

بۆیه دەبینیت ئیماندارانی ڕاست و دروست و دۆستانی خوا ئەم كاته به هەل دەگرن بۆ ئەوەی له ڕەحم وسۆز و میهرەبانی پەروەردگاریان بی بەش نەبن، خەو لەچاوەكانی خۆیان دەتورێنن و به گەردن كەچی و زەلیلیەوە دەستەكانیان بەرز دەكەنەوە بۆ لای خوای گەورە به ئومێدی ئەوەی لێیان خۆش بێت، بكەونه بەر ئەو بەڵێنەی كه لەسەر زمانی پێغەمبەرەكەیانەوە پەروەردگاریان پێی داوون ..

هەشتەم : كاتی پارشێو كرن یەكێكه له باشترین كات وساتەكان ئەگەر نەڵێم باشترینیانه بۆ ئیستغفار و داوای لێخۆشبوون كردن له خوای گەورە وپەروەردگار، ئەوەتانێ خوای گەورە خۆی وەصف و ثەنای ئەو كەسانەی كردووە كه لەم كاتەدا دەستی پاڕانەوە ولێخۆشبوونی بۆ لای بەرز دەكەنەوە، وەك فەرموویەتی : ﴿وَبِالأَسحَارِ هُم يَستَغفِرُونَ﴾ [ الذاريات : 18 ], واتا : لەبەرەبەیانەكانیشدا داوای لێخۆشبوونیان لەپەروەردگاریان دەكرد (تا لێیان ببورێت)، وه له جێگایەكی تردا فەرموویەتی : ﴿وَٱلمُستَغفِرِينَ بِالأَسحَارِ﴾ [ ال عمران : 17 ], واتا : هەموو ڕۆژێكیش بەرەبەیان , لەخوا دەپاڕێنەوە لێیان خۆش بێت , واته: بەر لەنوێژی بەیانی خەریكی شەو نوێژو، پاڕانەوەی لێخۆشبوونن.

بۆیه هەستان بۆ پارشێو كردن هۆكاری بەدەستهێنانی ئەو فەزڵ و پاداشته گەورەییه یه، سەرە ڕای بەرەكات ئیستغفار و داوای لێخۆشبوون لەخوا كردن، كه خۆی لەخۆیدا چەند خەصلەت و تایبەتمەندیەكی گەورەی خۆی هەیه .

نۆیەم : پارشێو كردن زامنی ئەوەیه كه ڕۆژووەوان وەڵامی بانگبێژ بداتەوە كاتیك بانگ دەدات، ئەوەش خۆی بۆ خۆی پاداشت و ئەجرێكی گەورەیه بۆ ئەو كەسەی خوای گەورە پێی ببەخشێت .

دەیەم : هەستان بۆ پارشێو كردن زیاتر زامنی ئەوەیه بۆ مرۆڤی باوەڕداران كه نویژی بەیانی به كۆمەڵ ئەنجام بدات، چونكه ئەو كەسەی پارشێوی نەكردبێت و خەوی لێكەوتبێت نوێژی بەیانی له كیس دەچیت، ئەمەش موسڵمانان بەچاوی خۆیان هەستی پێدەكەن، كه ژمارەی نوێژخوێنانی نویژی بەیانی له مانگی ڕەمەزاندا لەبەر ئەوەی خەڵكی به گشتی پارشێو دەكەن ژمارەیان زیاترە له مانگەكانی تر.

ئەمانە و چەندان سوود و بەرەکەتی تر کە ئیمەی موسڵمان لە مانگی رەمەزان و لەکاتی پارشێو کردندا هەستی پێ دەکەین، لەخوای گەورە داواکارین نوێژ و ڕۆژوو عیبادەت و تەراویحی هەموو لایەك گیرا بکات، ئامین یارب العالمین ...